## سەماحەتی حەکیم: دەوڵەتی بەهێز پێویستی بە کۆمەڵگەیەکی بەهێزە و فرەیی سەرچاوەی هێزە نەك لاوازی




بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی سەردانی میوانخانەی هۆزی جەمیلەی لە قەزای فەلوجەی سەر بە پارێزگای ئەنبار کرد، لەوێ لە میوانخانەی خوالێخۆشبوو شێخ مستەفا ئەلعرسان ئەلجمەیلی پێشوازی لە کۆمەڵێك شێخ و پیاوە دیارەکانی هۆزەکە و خەڵکی فەلوجە کرد.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە ئەوو سەردانانە مەرکەکی کۆمەلایەتی بەخێیەوە دەبینێت و ئامانجیش لێرە پتەوکردنی پەیوەندییەکانە لەگەڵ ڕێبەرەکانی گەلدا، جەختیشی کردەوە کە گرنگە بەباشی ئیدارەی ئەو فرەییە بکرێت و گوتیشی فرەیی پێکهاتەکانی عیراق سەرچاوەی هێزە نەك لاوازی و ڕوونی کردەوە کە ئەو پێکهاتانەوەك پردێکن بۆ عیراق لەگەڵ ولاتانی ناوچەکە و جیهانیش ئەوەش پێگەی عیراق لە دەرەوەی سنووری جوگرافیای خۆی بەهێزتر دەکات.

سەماحەتی حەکیم ئاماژەی بە پێویستی گۆڕینی کابەرییەکان بە دەرفەت کرد و ئاماژەی بەوەدا کە عێراق بە توندی بەرگری لە توندڕەوی کردووە و داوایکرد پەند لە ڕابردوو وەربگرێت بەبێ ئەوەی لەناویدا نقووم ببێت چونکە ڕابردوو بنەمای بنیاتنانی ئێستا و داهاتووە..

حەکیم خۆشحاڵی خۆی دەربڕیت بەو پێشکەوتنەی کە شارەکانی عێراق بە فەللوجەوە بەخێیەوە بینیویانە لەڕووی پڕۆژەکانی گەشەپێدان و ژێرخانی ئابووری و دۆخی ئەمنی سەقامگیرەوە و جەختی لەوە کردەوە کە پێکەوەژیانی ئاشتیانە دۆخێکی ئاسایی عێراقە و دەوڵەتێکی بەهێز پێویستی بە کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو هەیە کە ئاگاداری گرنگی سەقامگیری و پێکەوەژیان بێت...

بەڕێزیان تەئکیدی کردەوە کە پڕۆژەی دەوڵەت دروستکردن هێشتا بەردەوامە بەڵام ئەوەی تا ئێستا بەدەستهاتووە دەستکەوتێکی گەورەیە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو و داوای تیشك خستنە سەر لایەنە ئەرێنییەکان و بەهێزکردنی تێڕوانینی پۆزەتیف لەسەر واقیعی عێراق.

لەکۆتایی دیدارەکە بەڕێز حەکیم دووپاتی کردەوە کە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو یەکلایی کەرەوەیە بۆ وێنەکێشانی سیمای سەقامگیری بەردەوام، داواشی کرد بەشداری بەرفراوان تێدا هەبێت، هەروەها نوێکردنەوەی کارتی دەنگدان لە زەمانەتی دەنگدەرە بۆ بژاردنی گونجاو و نوێنەرایەتی ڕاستەقینە بۆ پێکهاتەکانی گەلی عێراقی.